# ئێمەی کورد زیاتر گیانی تۆڵەسەندنەوەمان تێدا زاڵە وەک لەوەی هاوکاری و خزمەتکردنی وڵاتەکەمان ... کامەران ئەحمەد سلێمان

هەموو هاوڵاتیەك لە هەرشوێنێکدا، بێت مافی ژیانی هەیە و دەبێت حکومەتی وڵاتەکەی بەگوێرەی توانا پێداویستی ژیانی بۆ دابین بکات، بەڵام هاوڵاتیش هەر ئەوەنیە داوای ماف بکات و بەس، ئەویش ئەرکی زۆری دەکەوێتە سەرشان، ئەوەی کە تێبینی دەکەم لەئێستای کوردستاندا زۆربەی هاوڵاتیان زیاتر بیر لەگیانی تۆڵەسەندنەوە دەکەن لەحکومەتەکەی خۆیان، بەهۆی ئەوەی دەڵێن چەند لێپرسراوێکی حزبی یا حکومی خەریکی دزیکردن و خۆدەوڵەمەندکردنن و هاوڵاتیانیش لە داخی ئەو کەسانە و بەگووتەی خۆیان دڵیان بە وڵاتەکەی خۆیان خۆش نییە وخۆیان بەهاوڵاتی وخاوەنی ئەم وڵاتە نازانن و وا هەست دەکەن میوانن لەسەر ئەم خاکە. دیارە من ئەو جۆرە بیرکردنەوانە زۆر بەهەڵەدەزانم و نابێت هەڵسوکەوتی خراپی چەند لێپرسراوێك ساردمان بکاتەوە و خۆمان بەخاوەنی ئەم وڵاتە ئازادکراوە نەزانین، کە هەزاران هەزار شەهید خوێنی خۆیان لەپێناودا بەخشیووە تاوەکو حکومەتی کوردی هاتۆتە بەرهەم. دیارە لە ئێستای کوردستاندا بەهۆی کەمی کارەبا و ئاوەوە خەڵکی زۆر گلەی لەحکومەت دەکەن. ئەو کارە رووبەرووی حکومەت دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی هاوڵاتی خۆیشی هیچ بەپرسیارێتیەکی سەرشانی خۆی بزانێت... و جۆرە هەوڵێك بدات بۆ چارەسەکردنی و هەموو کەموو کورێکان ڕوبەروی حکومەت دەکاتەوە، دیارە وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێکردووە، دەبێت حکومەت هەموو پێداویستیەکانی ژیان بۆ هاوڵاتیان دابینبکات، ئەگەر ئێمەی کورد بە چاوێکی واقعبینانە و ڕاستیانە بیر بکەینەوە، بڕواناکەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیەوێت خزمەتی هاوڵاتیان بکات و هەموو پێداویستیەکانی ژیان و گوزەرانیان بۆ دابین بکات ئەگەر لەتوانادا بێت. هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم، کە سەرۆکی حکومەت حەزبکات هاوڵاتیان گلەی وگازندە لەکارەکانی بکەن و ڕێپێوان لە دژی دەسەڵاتەکەی بکەن، چونکە هەموو سەرۆکی حکومەتێکی دیموکرات و هەڵبژێردراو وکابینەکەی حەزدەکات ئەوەی لەتوانایدا بێت و بیکات بۆ خزمەت کردنی هاوڵاتیان بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتووی وڵاتەکەیدا پارتەکەی جارێکی تر هەڵبژێردریتەوە و ئەوکەسە بیێتەوە بە سەرۆکی حکومەت. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆدەتا نەهاتۆتە سەر دەسەڵات و گوێ لە هاوڵاتیان نەگرێت بە ئاگرو ئاسن وەڵامی هاوڵاتیان بداتەوە، بەڵکو ئەم حکومەتە دەرئەنجامی خەباتی درێژ خایەنی گەلی کوردستان و حزبی شەهیدانە. بۆیە هەرگیز لەو بڕوایەدانیم، ئەگەر کێشەی کارەبا و ئاو چارەسەری لە دەستی سەرۆکی حکومەتدا بێت نەیەوێت چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە. ئەوەی من لە سەرچاوەی زۆر نزیکەوە بیستومە و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز عومەر فەتاح لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە وهەروەها لە ڕێگای تەلەفیزۆنیشەوە وەکو زۆربەمان ئاگادارین باسی لێوە کردوە، کە هەرچی لەتوانا دابێت درێخی ناکات بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشە. بە بۆچونی من بەشێکی ئەو کێشەیە دەکەوێتە سەر ئەستۆی هاوڵاتیان بەوەی دەبێت کارەبا بەفیرۆنەدەن بەگوێرەی پێویست بەکاری بهێنن. ئەوەی سەرنجی ماڵان بدات لە سلێمانی، لەو کاتەی کە کارەبا هەیە هەرچی گڵۆپ وئامێری کارەبایی هەیە، لەیەك کاتدا بەکاری دەهێنن بەبێ ئەوەی جاری واهەیە بەکار هێنانی ئەو ئامێرە یا ئەو گڵۆپە پێویست بێت، کە بەکاری دەهێنێت. لەم چەند ڕۆژەی

ڕابردوودا، کە لە کوردستان بووم ئێوارەیەکی چووم بۆ ماڵی برادەرێك باسی لە کێشەی کارەبای کرد و گلەی لەحکومەت کرد و لەو کاتەی، کە من لەماڵی ئەوان بووم کارەبا هەبوو گڵۆپی هەموو ژورەکانی داگیرسابوو، بەبێ ئەوەی ئەو ژوورانەی هیچ کەسێکی تێدابووبێت. کاتێك پێم ڕاگەیاند، تۆ ئەوەتا کارەبا بەفیرۆ دەدەیت... !! لەوەڵامدا گووتی، لە داخی ئەوانەی کە "سبلیت" بەکار دەهێنن منیش گڵۆپەکان ناکوژێنمەوە، کاتێك هەوڵمدا بۆی روون بکەمەوە، ئەو نابێت بەو شێوازە بیر بکاتەوە. دەبێت هەوڵبدات لەلای خۆیەوە هاوکاری بکات و کاتێك لەگەرمەی ئەم گفتوگۆیانەدا بووین هەستا گڵۆپێکی تریشی داگیرساند و گووتی ئەوە لەبەر خاتری تۆ.... !!! کاتێك کەسێکی وا دەبینی، کە بەو شێوازە بیر دەکاتەوە ئیتر ئەوە، کەی تاوانی حکومەتی تێدایە... ؟ ئەو سۆزی بەرانبەر داهاتووی منداڵەکانی خۆیی نییە و بیر لە داهاتووی وڵاتەکەی ناکاتەوە.. ؟! ئیتر چۆن ئەو جۆرە کەسانە وڵات وێران ناکەن... ! لە هەمان کاتدا پێم ڕاگەیاند، تۆ باس لە دزی وگەندەڵیی ئیداری دەکەیەت.. ! تۆش بەشداری هیچ جیاوازیەکت لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا نییە، کە ئەو جۆرەکارانە ئەنجام دەدەن... ! چونکە تۆش ئەوەی لەدەستت هات بەرامبەر کارەباکە کردت، کەواتە تۆ هەر ئەوەندەت دەسەڵاتە بەگوێرەی توانای خۆت هاوبەشی لەو گەندەڵی و کەموو کوڕیانەدا بکەیت. پێم وایە هەزاران کەسی وامان هەیە بەو شێوازە بیردەکەنەوە وبەبێ ئەوەی هەست بەو کەموکوڕیانەی خۆیان بکەن و هەموو کەمتەرخەمیەکان دەخاتە ئەستۆی حکومەت. دیارە هەندێك لە هاوڵاتیان ئەوەیان بیر چۆتەوە، کە بەنداوەکانی دوکان ودەربەندیخان بەرهەمی ساڵانی شەستەکانە و ئەو کاتە کوردستان بەم شێوەی ئێستای فراوان نەبووە، لە پێش ڕاپەڕیندا شاری سلێمانی لەدەرەوەی شەقامە 60 مەتریکە هیچ خانویەك نەبوو شاریش بەو شێوەیەی ئێستا گەورە نەبوو بوو، ئەو کاتە بەو ڕادەیەی ئێستا ئەو هەموو جۆرە ئامێرە کارەباییانە نەبوون. لە ئێستادا سەرەڕای فروان بوونی شار ودروست بوونی سەدان کۆمپانیا و کارگە و دروستکردنی سەدان تەلاری تازە و پێشکەوتو، بەکار هێنانی دەیان هەزار سبلیت و ئامێری کارەبایی، کە هەر ئەو بڕە کارەبایەی ئەو ساڵانەیە ئیتر چۆن ئەو بڕە کارەبایەی جاران بەشی هەموو شار و شارۆچکە و گوندانە دەکات... ؟؟ هاوڵاتیانیش بێ گوێدانە بەرپرسیارێتی بەکاری دەهێنێت. پێموایە ئەگەر چەندین وێستگەی کارەبای نوێش دروست بکرێت، کارەبا هەربەشی ئەم وڵاتەی ئێمە ناکات، چونکە بیر کردنەوەی هاوڵاتیانی کوردستان زۆر جیاوازە و ئەو سامانە گرنگە بە هی خۆی نازانێت و وا دەزانێت ئەوە تەنها مۆڵکی حکومەتە.

من هۆکاری کێشەی کارەبا بۆ ئەوە دەگێڕمەوە، کە کارەبا لەم وڵاتەی ئێمەدا زۆر هەرزانە و کەس گوێ بەوە نادات بڕی چەند بەکار دەهێنێت... ؟ چونکە دەزانێت لە کۆتایی مانگدا پارەیەکی کەم دەدات، بە بۆچونی من ئەو هەرزانیەی کارەبا هۆکارێکە بۆ زۆری بە کار هێنانی وزەی کارەبا و گوێنەدان بەو سامانە گرنگە. دیاردەیەکی تری گوێنەدان و بەفیرۆدانی کارەبا، کە لە ناو بازاڕی مەزادخانەکەدا بەرچاو دەکەوێت هەندێك لە دوکاندارەکان ئەو هیتەرانەی دایان ناوە بۆ فرۆشتن لە بەردەمی دوکانەکەدا هەڵی دەکەن بۆ ئەوەی بە عەقڵی خۆیان، ئەگەر ئەو هیتەرانە بەو هەڵکراویە دابنێن کریاڕی زیاتریان دەبێت و بیر لەوە ناکەنەوە، کە ئەوەش بەفیرۆدانی وزەی کارەبایە. بۆ پاراستنی ئەو سامانە گرنگەی وڵاتەکەمان پێشنیازێك دەکەم بۆ ئەو کوردانەی، کە لە ئەورووپاوە بۆ سەردانی خێزانەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان باسی شێوازی بەکار هێنانی کارەبا بۆ خێزانەکانیان بکەن لەو وڵاتەی لێی نیشتەجێن، ئامۆژگاری کەس و کارەکەی بکات، کە

كارەبا بەفیرۆنەدات و باسی ئەوەی بۆ بكات، كە هاولاّتیانی ولاّتانی ئەوروپا بە گوێرەی پێویست كارەبا بە كاردەهێنن، كاتێك دەچنە سەرئاو، یان گەرماو، یا ژوورێك، كە هاتە دەرەوە، یەكسەر گلۆپەكە لەگەڵ دەستیدا دەكوژێنیتەوە، چونكە ئەگەر ووزەی كارەبای زۆر بەكار هێنا، لەكۆتاییی ساڵدا كە حسابی بۆ دەكرێت ئەوە دەبێت پارەی زیاتر بدات، ئەگەر كەمیشی بەكار هێنا لەو برە پارەیەی كە مانگانە داویەتی، ئەوە پارەی بۆ دەگەڕێتەوە. لە رۆژانی دەوامدا لە كاتژمێر 7 بەیانی تاوەكو سەعات 11 شەو بەكاتی هۆڵەندا كارەبا لەو ولاّتەدا گرانە و رۆژانی پشوو واتە رۆژانی شەممە و یەكشەممە یا رۆژانی جەژن و بۆنە تایبەتیەكان، كە دەوام نەبێت كارەبا هەرزان ترە و هاولاّتیان زیاتر لەو ڕۆژانەی پشودا غەسالە بەكار دەهێنن بۆ شتنی جل وبەرگ و هەندێك ئامێری تر هەر لەو رۆژانەدا بەكار دەهێنن، چونكە چەند زیاتر كارەبا بەكار بهێنن پارەی زیاتر دەدیت لە كۆتاییی مانگ یا ساڵدا دەبێت ئەگەر زۆرت بەكار هێنابێت پارەی زیاتر بدەیت و ئەوكاتە ڕەنگە ئەگەر باری ئابوریت باش نەبێت ئەوا باری ئابوریت زیاتر تێك دەچێت و دەبێت لە بانك قەرزی بۆ بكەیت. بەكار هێنانی ئاو وغازیش بەهەمان شێوەیە.

هۆڵەندا 24-11-2005